بەهێزکردنی هاوکاری دەستووری نێوان عێراق و تورکیا لە ڕێگەی یاداشتێکی نوێی لێکتێگەیشتنەوە

ئەمڕۆ شەممە، دادگای باڵای فیدراڵی و دادگای دەستووری تورکیا لە ئستەنبوڵ، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژەکرد، بە بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری، ئاوگۆڕی زانیاری و شارەزایی، و بنیاتنانی توانا دامەزراوەییەکان.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی دادگای باڵای فیدراڵی لە بەیاننامەیەکدا کەدەست موتەبع کوتووە ڕایگەیاندووە: "دادگای باڵای فیدراڵی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ دادگای دەستووری تورکیا لە ئستەنبوڵ واژە کردووە".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "یاداشتنامەکە لە پەراوێزی بەشداریکردنی سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی لە کۆبوونەوەی زانستی دەستووری کە بە بۆنەی 63 ساڵەی دامەزراندنی دادگای دەستوری تورکیا لە ئستەنبوڵ بەڕێوەچوو، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکی دادگا دەستوریەکان و ئەنجومەنەکان و سەرۆکی دادگا نەودەوڵەتییەکان، لەسەر بانگهێشتی هاوتاکەی، قادر ئوزوکایا، سەرۆکی دادگای دەستووری تورکیا."

ئاماژەی بەوەشکرد، ئامانجی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن بەرزکردنەوەی هاوکاری و ئاوگۆڕی زانیاری و شارەزایی هاوبەش، هەروەها بنیاتنانی توانا دامەزراوەییەکان بەگوێرەی باشترین پراکتیکەکانی بواری

یاسای دەستووری و دادپەروەری دەستوورییە.